کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19:57 21-9-2007

## ژن ودوری ... نەجات روستتی

najatrosty@yahoo. com



لە دەروازەی دەرگای کافتریاکەوە، چاوی بە دەوەری هۆڵەکە دەگێڕا بۆئەوەی شوێنێکی بەتاڵ ببینتەوەلێی دابنیشێت، هیواش هێواش هەنگاوەکانی هەڵێنا لەنزیك مێزەکەی منی لێدانیشتبووم، .. چەندساتێك وەستاوداوایکرد رێگە بدەم دابنیشێت، پاش پشویەکی کورت، کەوتە پرسیارکردن لە قسەکانی دیاربووکە لە هەندەران دەژی وبە سەردان گەڕاوەتەوە، لە گفتوگۆکەمان بە هۆی ناسینی کەسێکەوەکە پێشتر هاوڕەیەکی خوشەویستم بووە زیاترلە یەکتری نزیکبووینەوە وبون بە هاوڕی، ئەو رۆژە ژمارەی مۆبایلەکانمان گۆڕیەوە ئیدی بەردەوام هەواڵی یەکترمان دەپرسی، دوورۆژ بەرلە گەڕانەوەی بۆ هەندەران لە سەرداوای ئەوجارێکیتر بەیەکگەیشتینەوە، بێزاری زۆر خۆی لێرە دەربڕی چونکە لە سەرەتای هاتنەوەوی بە ئومێدی ئەوەهاتبووەکە ئیدی نەگەڕێتەوە، ژیان لێرە بەسەربەری، بەڵام بەهۆی بونی چەندین کێشەی ژیاری بڕیاری دا بگەرێتەوەوە. سەرەتای ژیانی بەم شێوەیە باس کرد: بەرلە دە ساڵ لێرە بە هۆی خزمێکەوە کەسێکم ناسی کە لە دەروە ژییابوو پاش گۆڕینەوەی بیرو بۆچونەکانمان، قەناعەتی پێکردم کە شوی پێبکەم ئەوساش باوی ئەوە بووەکە ژنان حەزیان بە هەندەران دەکردبۆیە هەموو شتێکم بەلاوە نا رێکەوتین. هەرچەندە ئەو زیاتر لە 14 ساڵ لەمن گەورە تربوو دوای ئەوەی هەموو شتە رسمیەکانمان تەواوکرد لە گەڵی رۆیشتم بۆ تورکیا لە یەکێك لە ئوتێلەکانی شاری ئەدەنە بوین بە ژن ومێرد شەوی بۆك وزاوایەتمان لەوی کردەوە، دوای دووهەفتە مانەوەمان لە تورکیا، ئەونەیتوانی من لەگەڵ خوی ببات ناچارمنی لەوی جێهێشت. وابڕیاربوو دوای دوومانگ بیتەوە وەبەشوێنم بەرسمی بمبات بۆهەندەران بەڵام دوومانگ بووبو دوو بەدووساڵ بە ناچاری هەولمَ دا لەوی کار بکەم وخۆم بژێوی ژیانم دابین بکەم هەرچەندە ناوەناوە هاوکاری دەکردم بەڵام ئەوهاوکارییە زۆرکەم بوو بەشی کری شۆقەکەمی نەدەکرد، بەڵام خۆم لە سوپەرمارکێتێك کارم کرد. دوای دووساڵ گەییشتمە هەندەران ماوەی سالێك بەیەکەوبوین ومنالێمان بوو. هاوسەرەکەم لەوماوەی بەیەکەو بوین هیچ گۆرانکارێکی بەسەر ژیانی نەهات هەمیشە لەگەڵ هاوریی کچەکانی رایدەبوارد، جاری واهەبوو بە مانگ نەدەهاتوەوە بۆ ماڵەوە زۆر هەولمَ دا کە وازلەو رفتارانەبێنیت بەڵام بێسود بوو، زۆرلە خۆم بێزاربووم ژیانم زۆر نا خۆش بووهەرۆژی ئازاریکم هەبوو، بە ناچاری داوای جیابونەوەم لێکرد هەرچەندە ئەو رازی نەبوو بەڵام من تەواو بێزاربووم پاش ئەوەی چەندین جاری ترچاوپۆشیم لێکرد بەڵام هەر سودی نەبوو دواجار لە یەکتری جیابوینەتەوە بەڵام بەشێوەیەکی فەرمی نا ئێستا ئەو لەگەڵ هاوڕی کچە فارسەکە رۆژدەکاتەوە منیش بەدیار گریانی کچە یەکە ساڵەکەم.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.